# یانەی سەرکەوتنی کوردان
# لە پێشوازی شاندی دانوستانکاری کورددا ١٩٤٤

**پ. ی: ئەحمەد باوەڕ**
**(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە)**

یانەی سەرکەوتنی کوردان هەر لەکاتی دامەزراندنییەوە لە شاری بەغدا (١٩ی نیسانی ١٩٣٠)، بووە بەجێگای کۆبوونەوە و لێکدی نزیکبوونەوەی بەشێکی زۆر لە کەسایەتی و ڕووناکبیران و هەموو ئەوانەی کە بە بەردەوامی و ناو بەناو سەردانی بارەگاکەیان کردووە، دواتر وەک ناوەندێکی ڕووناکبیریی (کوردی) ئەو دەمانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە و لە کار و چالاکی و ئەو بۆنە و یادەوەرییانەشیدا کە یانەی سەرکەوتنی کوردان گێڕاونی تێیاندا ئامادەبوون.

هاوکات دوای ئەو گەشتە دوور و درێژەی، کە سەرۆک و باوەڕپێکراوی یانە و هاوەڵەکانی لە درێژەی مانگەکانی (تەمموز و ئابی ١٩٤٣)دا و بە شار و شارۆچکە و ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستاندا ئەنجامیان داوە، توانیویانە بڕێکی زۆر باش دەستگیرۆیی و یارمەتی بۆ بارەگای سەرەکی یانەی سەرکەوتنی کوردان و درێژەدان بە کار و چالاکییە بەردەوامەکانی کۆبکەنەوە، هاوکات ئەمەش بووە بە مایەی ئەوەی کە بتوانن لە: «١١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣»ەوە، بە یەکجاری بگوێزنەوە بارەگای نوێیان لە گەڕەکی (العیواضیة)ی شاری بەغدا، هەروەها یەکەمین دەسپێکی چالاکیشیان ئەوەیان بووە، کە لە(٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤)دا. ئاهەنگێکی یەکتر ناسینیان ڕێکخستووە و لە چوارچێوەی ڕێوڕەسمێکی کوردەوارییانەی بێ وێنەدا باوەڕپێکراوی گشتی یانەی سەرکەوتنی کوردان وتارێکی بەو بۆنەیەوە خوێندووەتەوە و جەماوەرێکی زۆر بەشدارییان تێیدا کردووە، بەڵام هەر دوای مانگێک لە بۆنە و ڕێوڕەسمی پێشووتریان، بەتایبەتی لە (٢٦ی شوباتی ١٩٤٤)ی هەمان ساڵدا، کاتێک دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی و لە سەروبەندی بەرپابوونی ڕاپەڕینی بارزانی (١٩٤٣- ١٩٤٥)دا، بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣- ١٩٧٩) لەگەڵ حکوومەتی نووری سەعید (٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٣- ١٩ی نیسانی ١٩٤٤)ی سەرۆکی هەشتەمین کابینەی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراقی کە سێ کەس لە وەزیرەکانی کورد بوون لەوانە: ئەحمەدموختار بابان (١٩١٠- ١٩٧٦) بۆ وەزیری دادوەری، عومەر حەسەن نەزمی (١٨٩٣- ١٩٧٨) بۆ وەزارەتی ناوخۆ و ماجد مستەفا (١٨٩٥- ١٩٧٤)(١) وەزیری دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ئێراق (٢). سەرەڕای گفتوگۆکردنیش لەگەڵ فەرمانڕەوایانی بەریتانیادا لە ئێراق، ئیدی



**مەعرووف جیاووک**

بارزانیش وەک نیشاندانی نیبەت پاکیەتی خۆی بەرانبەر بە فەرمانڕەوایانی ئێراق و بەریتانیا و زیاتر بە مەبەستی ئازادکردنی بارزانیبە دوورخراوەکان لە شاری (حیللە) لە نێویاندا کەسایەتییەکی وەک شێخ ئەحمەدی بارزانی (١٨٩٢- ١٩٦٩)(٣)، کە لە ڕێکەوتی (١٨ی ئابی ١٩٤٣)ـەوە لە شاری سلێمانییەوە، بۆ ئەوێ دوورخرابوونەوە(٤). هاوکات جگە لەبەڵێندانی تەواویان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد و بەجێهێنانی داواکاریەکانیان، ئەوەبوو شاندی کوردی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی لە گەرمەی سالآنی دووەمین جەنگی جیهانی (١٩٣٩- ١٩٤٥)دا و بە یاوەری ماجید مستەفای وەزیری دەوڵەتی ئێراقی پاشایەتی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، شێخ محەمەد خالیدی بارزانی و ژمارەیەکی دیار لە کەسایەتی و سەرۆک هۆزەکانی کورد لە ڕێکەوتی (٢١ی شوباتی ١٩٤٤)دا، لە ڕێگای شاری مووسڵی ئەو کاتەوە، کە بۆ ماوەی شەوێکیش، وەک میوانی حکوومەتی ئێراق لە (هوتێل دیجلە)ی ئەو شارەدا دەمێنێتەوەو هاوکات بارزانی چاوی بە ژمارەیەک لە ئەندامانی حزبی هیوای شاری مووسڵ دەکەوێت و وەک ئەوەی لە درێژەی چاوپێکەوتن و دیدارەکانیشیدا، بە زۆری باس لەو قەیران و کێشانە دەکرێت، کە لەو ماوەیەدا حزبێکی وەک هیوا لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا گیرۆدەیان دەبێت، سەرەڕای قسەکردن سەبارەت بە بارودۆخی گشتیی گەلی کورد و هاوکات چاوپێکەوتن و دیداریشی لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنووسێکی ئەو ڕۆژگارە، لەوانە: سەرنووسەری ڕۆژنامەی (نصیر الحق)ی شاری مووسڵ، کە دواتر هەواڵ و دەقی چاوپێکەوتنەکەی بارزانی لە ژمارە (٢٢٣)ی ڕێکەوتی (٢٣ی شوباتی ١٩٤٤)ی ڕۆژنامەکەیدا بڵاوکردووەتەوە(٥).

دوا بەدوای مانەوەی لە شاری مووسڵی ئەو کاتە و بۆ ڕۆژی دواتریش بە یاوەری لەگەڵ نزیکەی (٢٠) بیست کەسایەتی لە ناودارانی ئەو کاتەی کورد و هاوەڵ و پێشمەرگەکانیدا بە چەکەوە دەچێتە نێو شاری بەغداوە و لە ڕێکەوتی (٢٢ی شوباتی ١٩٤٤)دا، لە هوتێلی (شط العرب) وەک میوانی فەرمانڕەوایانی ئێراق دادەبەزێت. بە جۆرێک دوابەدوای گەیشتنی بە شاری بەغدای پایتەخت، سەرەتا بە شێوازێکی فەرمی چاوی بە گەورە بەرپرسانی حکوومەتی ئێراق و فەرمانڕەوایانی بەریتانیا دەکەوێت، هەر لە عەبدولئیلای وەسی (١٩١٣- ١٩٥٨)(٦) و نووری سەعید (١٨٨٨- ١٩٥٨)ی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراق، سەرەڕای کیناهان کۆر نوالیس (kinhan corn-wallis.1883-1959)(٧)ی باڵوێزی فەرمی ئەو کاتەی بەریتانیا لە ئێراق و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و وەزیرەکانی ئەو کاتەی حکوومەتی ئێراق، بەڕادەیەک لە ماوەی سەردان و مانەوەیدا لە بەغدا، چاوی بە ژمارەیەک لە ئەندامانی حزبی هیوا و کەسایەتییە کوردەکانی ئەو کاتەی شاری بەغدا دەکەوێت، وەک دەشگوترێت، کە گوایە لە گەڕەکی (العیواضیة)ی شاری بەغدا سەردانی ماڵی کەسایەتی ناسراو و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی سەردەمی پاشایەتی شێخ وەهابی کوڕی شێخ حەمیدی تاڵەبانی (١٨٨٧- ١٩٧٢) کردووە(٨).

هەروەها لە چوارچێوەی سەردان و مانەوەشیدا لە بەغدا و لە ڕێکەوتی (٢٦ی شوباتی ١٩٤٤)دا(٩). مەلا مستەفای بارزانی لەسەر داوەتنامەی باوەڕپێکراوی یانە، مەعرووف جیاووک باڵەکی بارەگای (یانەی سەرکەوتنی کوردان)ی بەسەر کردووەتەوە (١٠). هەر لەوێش چاوی بە ژمارەیەک لە کەسایەتی و سەرەک هۆز

و خەڵکێکی زۆری ئەو کاتەی شاری بەغدا کەوتووە، کە لەو ئامادەبوون و ڕێوڕەسمەی یانەی سەرکەوتنی کورداندا بەشدارییان کردووە، کە زیاتر بە مەبەستی پێشوازیکردن لە مەلامستەفای بارزانی ڕێکخراوە، تەنانەت گۆڤارێکی وەک: گەلاوێژی بەناوبانگ (١٩٣٩- ١٩٤٩) لە ژمارە (٣)ی ساڵی پێنجەمی خۆیدا، کە لە مانگی مارتی (١٩٤٤)دا بڵاوکراوەتەوە، وەک هەواڵێکی گرنگ و بە مانشێتێکی گەورەو بە ناونیشانی: «دوو کۆبوونەوەی تاریخی لە یانەی سەرکەوتنی کوردان» باسی لەم سەردان و هاتنەی مەلا مستەفای بارزانی کردووە، بە جۆرێک کۆبوونەوەی یەکەمیان: باسی لەو کۆبوونەوەیە کردووە، کە لە نێوان دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی سەرکەوتنی کوردان و چەند کاربەدەستێکی بەریتانی لە ئێراقی سەردەمی پاشایەتیدا بە ڕێوەچووە، وەک ئەوەی لەم بارەیەوە نووسیویەتی: «لەم ڕۆژانەدا لە یانەی سەرکەوتن دوو کۆبوونەوەی پیرۆز پێک هێنرا، یەکێ لە سەر شەرەفی پیاوە ناودارەکانی بەریتانیا، چۆنیەتی ئەم کۆبوونەوەیە: گەلێ لە پیاوە کاربەدەست و ناودارەکانی دەوڵەتی گەورەی بەریتانیا و زۆر لە پیاوە دڵسۆزەکانی کورد کۆبوونەوە، لاوە کوردەکان بە ڕووخۆشی و پێکەنینەوە بەخێر هاتنیان کردن، لە پاش دەست گوشین لەو شوێنانە، کە بۆیان ئامادەکرابوو، بۆ دانیشتن و لەگەڵ یەک کەوتنە گفتوگۆ، لەو بەینەدا وتارێکی زۆر بەرز و تاریخی خوێنرایەوە، لەوەدا باسی دۆستایەتی کۆن و تازەی بەینی ئەم دوو میللەتە کراوە لە دڵسۆزی کوردەکان بەرانبەر بەم دۆستە گرانبەهایە و حەزکردنیان بە سەرکەوتنی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان، کە مایەی کامەرانی و سەرفرازییە بۆ هەموو میللەتەکان، بەتایبەتی بۆ کورد باسکرا، دیسان عەینی وتار لەلایەن کوردێکی ترەوە بە ئینگلیزی دووبارە کرایەوە، ئینجا دەستیان کرد بە میوەخواردن و چاخواردنەوە، خوا ئەم دوو دۆستە لە یەک نەکا» (١١)، بەڵام سەبارەت بە هەواڵی سەردانەکەی مەلا مستەفای بارزانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گەورە پیاوان و دەستەی کارگێڕی (یانەی سەرکەوتنی کوردان)، ئەوە گۆڤاری گەلاوێژ لە هەمان هەواڵ و بابەتی سەربەخۆی خۆیدا نووسیویەتی: «هەروەها بە چەند ڕۆژێک دوای ئەوە لەسەر شەرەفی جەنابی مەلا مستەفای بارزان دیسان کۆبوونەوەیەکی تر کرا، لەپاش ڕابواردنێکی خۆشەویستی و چاخواردنەوە وێنەی ئەم کۆمەڵەیە بە فۆتۆگراف لە ناو باخچەی یانەدا گیراو بۆ یادگاری هەڵگیرا» (١٢).

وەک ئەوەی هەر لەم بۆنەیەشدا باوەڕپێکراوی گشتی یانەی سەرکەوتنی کوردان مەعرووف جیاووک باڵەکی وتارێکی مێژوویی خوێندووەتەوە و تێیدا بە زۆری باسی لە مێژووی گەلی کورد و ڕەسەنایەتی میللەتی کورد، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا دەگاتە سەردەمی نوێ ڕوون کردووەتەوە و هاوکات هەر لەو ڕۆژ و بۆنەیەشدا مەلا مستەفای بارزانی کۆمەڵێک وێنەی مێژوویی و دانسقەی دەگمەنی لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی سەرکەوتنی کوردان و ژمارەیەک لە ئامادەبووانی ئەو ڕۆژەدا گرتووە، تەنانەت دوو لەو وێنە مێژووییانەی مەلا مستەفای بارزانی لە نامیلکەی (یادگاری یانەی سەرکەوتن)ی کورداندا، کە هەر لە هەمان ساڵدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕەکانی (٨٠) و (٨١)یدا بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە لەژێر وێنەی یەکەمیاندا نووسراوە: «وێنەی هەندێ گەورەی ئینگلیز و مەلا مستەفای بارزانی و ڕووئەسای ئەشراف و پیاوی مەزنی کورد» و هاوکات لە ژێر دووەم وێنەشیاندا نووسراوە: «وێنەی مەلا مستەفا و مەعرووف جیاووک و میرزا فەرەج و محەمەد بابان و هەندێ ئاغا و مرۆڤی مەزنی کورد». دوابەدوای هەموو ئەمانە و پاش یەک هەفتەی تەواو لە مانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە شاری بەغدا و دانوستان و گفتوگۆکردنی لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ئێراق و بەریتانیای داگیرکەردا، دووبارە گەڕاوەتەوە ناوچە کوردنشینەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشی کوردستان، بەتایبەتی بارەگای تایبەتی خۆی لە ناوچەی بارزان (١٣)، هەرچەندە ئەو سەردانی کردنەی مەلا مستەفای بارزانی بۆ نێو بارەگای (یانەی سەرکەوتنی کوردان) و تاڕادەیەکی زۆر لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێراقەوە، تەنانەت لەلایەن ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی شاری بەغداشەوە کەوتووەتە بەر ڕەخنە لێگرتن، تەنانەت زۆریشیان پێ ناخۆش بووە، بەوەی بارزانی و پاسەوانەکانی لەنێو شەقامەکانی ئەو کاتەی شاری بەغدادا بەچەکەکانیانەوە سووڕاونەتەوە (١٤).

سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئەم دانوستانەی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکوومەتی ئێراق زۆر درێژەی



**شێخ ئەحمەدی بارزانی**

نەکێشاوە، تەنانەت شتێکی ئەوتۆ لە خاڵەکانیشی نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە بەهۆی دەست لە کارکێشانەوەی نووری سەعیدی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لە هەشتەمین کابینەی وەزاری خۆیداو لە ڕێکەوتی (٣ی حوزەیرانی ١٩٤٤)دا، بەتایبەتی لە ژێر گوشارێکی توندی کەسانی توندڕۆ لە کاروباری حکوومەت و دواتر پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ لەلایەن کەسێکی وەک حەمدی ئەلپاچەچی (١٨٨٣- ١٩٤٨)ەوە لەماوەی (٣ی حوزەیرانی ١٩٤٤- ٢٨ی ئابی ١٩٤٤)دا و وێڕای دەربڕینی نابەرپرسیاریەتی و پابەندنەبوونی ئەم حکوومەت و وەزارەتەش بە بنەماکانی دانوستان و کارنامەی وەزارەتی پێشووەوە(١٥).

شان بەشانی هەموو ئەوانەش یەکێکی دی لەو ڕێوڕەسمانەی، کە هەر یانەی سەرکەوتنی کوردان لە ڕێککەوتی (٢٤ی مارتی ١٩٤٤)دا گێڕاویەتی، ئەویش بۆ خۆی بریتی بووە لە یادنامەیەکی ئایینی و مەولوودنامەیەکی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام (د.خ)، کە لە چوارچێوەیدا چەند کەسایەتی و پیاوێکی ئایینی گەورەی ئەو دەمانەی کورد بەشداربیان تێدا کردووە، وەک ئەوەی هەر لەم بۆنە و ڕێوڕەسمەشدا هەریەک لە: مەلا محەمەد ئەفەندی قزڵجەیی (١٨٩٥- ١٩٥٩)(١٦) ئیمام و خەتیبی مزگەوتی (حسێن پاشا) وتارێکی ئایینی- کۆمەڵایەتی، کە زۆر دەوڵەمەندبووە بەلایەنی ڕۆشنگەریی بۆ ئەو ڕۆژگارەی کورد، هەروەها لە میانی وتارەکەشیدا مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجەیی باسی لەوەش کردووە، بەوەی گوایە: «مەراسیمی مەلوودی پێغەمبەر (د. خ) موسڵمانان و وڵاتانی تری ئیسلامی ئەم نەریتەیان لە گەلی کوردەوە وەرگرتووە، بەتایبەتی ناوی شاری هەولێر لێرەدا زۆر بەرزە و پیاوانی ئایینی لە زۆر لاوە ڕوویان تێ کردووەو بە زەمزەمەی زۆر گەورەوە عەجیب حەفلەی مەولوودی تێدا کراوە.»، لەلایەکی تریشەوە و بە هەمان شێوەی مەلا محەمەدی قزڵجەیی، هاوکات مەلا عەبدوڵڵای قزڵجەیش وتارێکی ئایینی خوێندووەتەوەو بە زۆری تێیدا باسی لە سەربوردە و ژیاننامەی پێغەمبەر (د. خ) کردووە، وەک ئەوەی بە نموونەش ئەم ئایەتە پیرۆزەی هێناوەتەوە (وانک لعلی خلق عظیم)، تەنانەت هەر لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمە ئایینیەشدا، شاعیری ناسراوی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) میرزا محەمەد حوسێنی زەنگەنەش بە پارچە شیعرێک، هەروەها لاوی بەڕەسەن فەیلی لوڕ قەهرەمانی حاجی حەسەنی بە دەنگێکی بەرز وتارێکی خوێندووەتەوە، پاشان لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا، عەبدولسەلام حیلمی (١٩١٣- ١٩٦٩) شاعیر و ڕۆژنامەنووس بە خوێندنەوەی پارچە شیعرێک بەشداری ڕێوڕەسمەکەی کردووە(١٧).

لە کاتێکیشدا کە یانەی سەرکەوتنی کوردان لە گەرمەی چالاکی و هەنگاوی فرەبابەت و جۆربەجۆری تری خۆیدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بووە بە ناوەندێکی گرنگی ئەوتۆ، کە زۆر مشتومڕ و ململانێی فیکری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەنانەت ئیداریشی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە کایەوە، بەتایبەتی لەو ماوەیەشەوە، کە حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی وەک هیوا (١٩٣٩- ١٩٤٥) لە باشووری کوردستان، تەنانەت شاری بەغدای پایتەختیشدا لە ئاسۆی گەشەکردن و هەنگاونانی بەردەوامی خۆیدابووە، کە بەتەواوی لە نێوەندی دەستەی ڕووناکبیری کوردی و خوێندکارانی ئەو کاتەی زانکۆ، تەنانەت لە ڕیزەکانی ئەفسەرانی کوردی سوپای ئێراقی سەردەمی پاشایەتیدا، بە تەواوی جێگای خۆی کردبووەوە، هەروەها ناوەند و بارەگایەکی وەک (یانەی سەرکەوتنی کوردان)یش شوێنێکی تاڕادەیەک زۆر لەبار و گونجاو بووە، بۆ ئەوەی ئەمیش لەلای خۆیەوە بتوانێت

به ئاسانی گەرای سیاسی خۆی تێدا دابنێت و تاڕادەیەک جێگای شیاوی خۆی لە نێو بەشێکی زۆر لە ئەندامان، تەنانەت لە ڕیزەکانی دەستەی بەڕێوەبردنیشدا بکاتەوە، هەرچەندە هەر لەگەڵ سەرهەڵدان و دامەزراندنیدا وای ڕاگەیاندبوو، کە ئەو هیچ پێوەندی بە چالاکی و کاری سیاسییەوە نابێت، بەڵام کەسایەتییەکی وەک مستەفا نەریمان (١٩٢٥- ١٩٩٤)(١٨) زۆر بە ڕوونی لە درێژەی بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆیدا، جەختی لەسەر ئەم لایەنە کردووەتەوە و لەم بارەیەوە بە ڕاشکاوییەوە نووسیویەتی: یانەی سەرکەوتنی کوردان ماوەیەک، قوتابیانی کوردی لە دەور ئاڵابوو، وابزانم لە ساڵی (١٩٤٤)دا بوو، هەڵبژاردنێک کرا، دوو لیست بەربەرەکانێیان تێدا ئەکرد، لیستی مەعرووف جیاووک باڵەکی، عەبدولڕەحمانی نووری جان (١٩٧٦- ١٩١٠)(١٩)، بەشیر موشیر (١٨٩٣- ١٩٦٣)، میرزا فەرەج شەریف (١٨٨١- ١٩٥٣) و یەکێک لە بابانەکان. لیستی عەلی کەمال عەبدولڕەحمان بەگ (١٩٠٠- ١٩٩٨)یش بریتی بوون لە محەمەد برزۆی شاعیر، موکەڕەم جەمال تاڵەبانی، فائق هوشیار (١٩٢١- ٢٠٠٢)، عەبدولقادر قەزاز (١٩١٢- ١٩٩٢)، عەلائەددین سەجادی (١٩٠٧- ١٩٨٤)، بەڵام دواتر ئەم کێشە و ناکۆکییەش بەتێکەوتنی محەمەد ئەمین زەکی بەگی وەزیر و مێژوونووسی ناسراوی کورد چارەسەردەکرێت و لە هەردوو لیستەکە دەستەی بەڕێوەبردن پێک دەهێنرێت و هاوکات مەعرووف جیاووک باڵەکیش، وەک باوەڕپێکراوی گشتی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) دەمێنێتەوە(٢٠).

وەک دەبینیت لە هەمان ماوە و بارودۆخیشدا، کەسایەتییەکی ناسراوی وەک مامۆستا مەسعوود محەمەد (١٩١٩- ٢٠٠٢)(٢١)یش، دوای ئەوەی سەرچلەی باوکی، واتە مەلای گەورەی کۆیە (١٨٧٦- ١٩٤٣) لە لایەن دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی سەرکەوتنی کوردان، بەتایبەتی مەعرووف جیاووک باڵەکییەوە بەڕێوەدەبرێت. ئەویش دەبێتە ئەندامی ئیداری یانە، واتە لەم ماوەیەدا و لەسەردەمی ئەم دووبەرەکایەتی و ململانێیەی نێو کاروباری یانەی سەرکەوتندا مامۆستا مەسعوود محەمەد ئەندامێکی فەرمی ئیدارەی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) بووە و هەر زۆر ڕاستگۆیانەش لە بارەی ئەم ململانێ و ناکۆکییەی نێوان ئەندامە گەنجەکانی سەر بە حزبی هیوا و باڵی باوەڕپێکراوی گشتی یانەی سەرکەوتن، واتە مەعرووف جیاووکەوە لە یادداشتەکانی خۆیدا (گەشتی ژیانم) نووسیویەتی: ساڵی ١٩٤٥ گەنجان، کە بەشێکی چالاکیان ئەندامی حزبی هیوا بوون و تەجرەبەی چالاکیی نهێنییان دیتبوو، هەبوونی یانەیان بە هەل زانی بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە خزمەتێکی ئامانجەکانیان بکەن، ئەم حیسابەیان ئەگەر چووبایەتە سەر و دەستیان بەسەر کاروباری یانەی سەرکەتنی کوردانددا بگرتبایە دەربوونەی خێر و چاکەیەکی بۆ دەکردنەوە(٢٢).

دیاردەیەکی لەم بابەتەش بە زۆری لەو کاتەوە بووە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی خوێندکارانی کورد لە شارێکی وەک بەغدای ئەو کاتەدا لە زیاد بوون و گەشەکردنێکی بەردەوامدا بووە و کەسایەتییەکی وەک مەعرووف جیاووک باڵەکیش تا ئەم کاتە وا بیری نەکردووەتەوە، کە زیادبوونی توێژێکی ئەوتۆ چ لە شاری بەغدا و چ لە نێو ناوەند و ڕێکخراوێکی پیشەیی وەک یانەی سەرکەوتنی کوردانددا بۆ خۆی ئەبێتە قۆرت و مایەی سەرئێشەیەکی گەورە لە داهاتوو و لە مێژووی یانەی سەرکەوتندا، وەک ئەوەی لە ڕۆژی هەڵبژاردنیشدا مەعرووف جیاووک باڵەکی لەلای خۆیەوە چەند ناوێکی پێشنیار کردووە بۆ ئەندامەتی: کەچی بەرەی حزبی هیوا لیستی سەربەخۆی خۆیان هەبوو، بەڵام کاتێک دەنگ دراوە و دەست کراوە بە ژماردنی پشکی هەر کەسەی لەوانەی دەنگیان پێ درابوو دەرکەوتووە، نامزەدەکانی مەعرووف جیاووک لەوانەی کۆن بوون لە ئەندامەتی تاکێکیان دەرناچێت. «سەغڵەتی بەجیاووکەوە دیاربوو تا بەرەو کۆتایی ئەژمارکردنی دەنگەکان ئیتر خۆی پێ نەگیراو دەریبڕی، کە لە بەر بێتاقەتی چی دیکە ناتوانێت لەو ڕۆژەدا سەرپەرشتی کارەکە بکات و دەبێ پاشماوەی دەنگەکان سبەینێ لەکاتی ئێوارەدا بژمێردرێن و لێک بکرێنەوە»، ئەوەبوو مەعرووف جیاووک باڵەکی پێشنیارەکەی خۆی بەجێ دەهێنێت و ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش دوا دەخات، هەرچەندە نارەزایی و ڕەخنەیەکی زۆری ڕوو بەڕوو دەکرێتەوە، کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێندەی نامێنێت بۆ ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە، بۆ ئەمەش هەر مامۆستا مەسعوود محەمەد زۆر بەڕاشکاوییەوە لە

(گەشتی ژیانم)یدا دەنووسێت: «بەڵام چ دەکەی لەگەڵ قیلە شەرعان کە دەبێ هەموو دەنگەکان بخوێندرێتەوەو بەسەرپەرشتی ئەمین عامیش بێت» (٢٣)، کە مەبەستی لە مەعرووف جیاووک باڵەکییە، هەر وەک خۆڵ کردنە چاویش بۆ سبەینێ هەر مەعرووف جیاووک لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەوەی شاری بەغداوە، بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە و تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و لای خۆشیانەوە دەستە و ئەندامانی (حزبی هیوا) سەرەڕای دژایەتی کردنی بڕیارەکە و دەسەڵاتی تاکڕەوانە و تاک لایەنانەی مەعرووف جیاووک باڵەکی لە نێوەندی یانەی سەرکەوتنی کورداندا. بڕیاری حزبی هیواش شتێکی دیکە دەبێت بەوەی ئەوانیش لای خۆیانەوە و لە کاتی شەودا: بڵاوکراوەیەکی نهێنی لە نێو شاری بەغدادا بڵاودەکەنەوە، کە بە زۆری هەمووی هێرش دەبێت بۆ سەر مەعرووف جیاووک و حکوومەتیش، جا هەڵوێستێکی لەم تەرحەش دواتر دەبێتە مایەی ئەوەی، کە چەند کەسێک لە خوێندکاران و لەوانەی پێوەندییان بە کێشەی یانەی سەرکەوتنەوە هەبووە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئەو کاتەی دەسەڵات و حکوومەتی ئێراقەوە دەستگیردەکرێن لەوانە: «شێخ عەلائەددینی سوجادی، عەبدولقادر قەزاز، کاکە حەمەی خانەقا (١٩١٨-١٩٦٣)(٢٤)، جەوهەر عەزیز دزەیی، کانەبی عەزیز دزەیی، موکەڕەم تاڵەبانی، جەلیل یووسف و هی دیکەش...تاد» (٢٥). بەجۆرێک هەموو ئەم کەسایەتییانەش بە ڕادەیەک هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و خرابوونە ژێرچاودێری وردەوە، تەنانەت ئەوانەشیان کە قوتابی و خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەو دەمانەی شاری بەغدا بوون، هەر لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان و پۆلیس خۆیانەوە براون بۆ تاقیکردنەوە و دواتریش هەرخۆیان گەڕاندوویانەوە بۆ نێو بەندینخانە(٢٦)، تەنانەت هەڵوێستگەلێکی لەم جۆرەش، کە زیاتر لەژێر سەری کەسایەتییەکی وەک مەعرووف جیاووک باڵەکی خۆیدا بووە، کەچی دواتریش بووە بەجێی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵک، هەروەها جێی نارەزایی و هێرشکردنێکی توندی ڕۆژنامەیەکی نهێنی وەک (ئازادی)، کە لەو دەمانەدا لەلایەن حزبی شیوعی ئێراقەوە بڵاوکراوەتەوە و هاوکات زمانحاڵی حزبی شیوعی خۆی بووە، بێجگە لەوەش بەڕادەیەکی زۆر ڕقیان لە کەسایەتییەکانی سەر بەدەوڵەتی وەک: مەعرووف جیاووک باڵەکی و عەلی کەمال عەبدولڕەحمان و ماجید مستەفا بووەتەوە(٢٧).

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- ماجد مستەفا: سەر بە بنەماڵەی (مراد لەلە)ی بەناوبانگی شاری سلێمانییە و لە ساڵی (١٨٩٦)دا، هاتووەتە دنیاوە، پلەکانی خوێندنی سەرەتایی هەر لەم شارەوە دەست پێ کردووە، پاشان بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندن، ڕووی لە تورکیا کردووە و لە شاری ئیستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی قوتابخانەی سەربازی تەواو کردووە و بووە بە ئەفسەر لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا، هەر لەو کاتەشەوە کە گەڕایەوە ئێراق و باشووری کوردستان، بە زۆری شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری لە ژێر فەرمانڕەوایەتی شێخ مەحموودی حەفیددا بووە، هەر بۆیە پێوەندی بە کاروباری ئەم حکوومەتەی کوردەوە کردووە، دواتریش لە حکوومەتی تازە دامەزراوی ئێراق و لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتیدا، گەلێک پۆستی جۆربەجۆری لە ئەستۆ گرتووە لەوانە: بەڕێوەبەری ناحیە، قائیمقام، موتەسەریف، هەروەها لەساڵی (١٩٤٣) بەدواوە چەند جارێک پلەی وەزاری پێ سپێرراوەو لە ساڵی(١٩٧٤)دا، لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: جمال بابان، اعلام الکرد، ج١، ص٤٦١.

٢- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، (بيروت: ١٩٨٢)، ص١٧١- ١٧٢، مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، وەرگێڕانی: سەعید ناکام، چاپخانەی خەبات، (دهۆک: ١٩٩٨)، ل١٠٠.

٣- شێخ ئەحمەدی بارزانی: کوڕی محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلامی بارازانییە و بە (خودان) ناسراوە، لە ساڵی (١٨٩٢)دا هاتووەتە دنیاوە، بەڵام هەندێ سەرچاوەش ئاماژە بەوەدەکەن کە لە ساڵی (١٨٨٩)دا لە دایک بوو بێت، لە ئاکامی لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی برای لە شاری مووسڵ، ڕابەرایەتی هۆزەکانی ناوچەکەی دەگرێتە دەستەوەو لە ساڵی (١٩١٩)ـەوە، پێوەندی بە تورکەکانەوە کردووە و

بەمەبەستی هەڵمەت بردنە سەر فەرمانڕەوایانی بەریتانی لە شاری وان، هەروەها لێرەش بەدواوە بە بەردەوامی هێرش کراوەتە سەر ناوچەی بارزان و ئەمیش ناچار بووە، لە ساڵی ١٩٣٢)دا، ناوچەکەی خۆی بەجێ بێڵێ و ڕووبکاتە وڵاتی تورکیا، دواتریش هەر لەلایەن کاربەدەستانی تورکیاوە ڕادەستی حکوومەتی ئێراق و بەریتانیا دەکرێتەوە و ئەوانیش بۆ ناوچەکانی باشووری ئێراق دووری دەخەنەوە، دوای چەند ساڵێک دەگەڕێتەوە کوردستان و لە ساڵی (١٩٤٣)ـەوە لە گەڵ مەلا مستەفای برای شۆڕش بەرپا دەکاتەوە و لە ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە لە شاری (مەهاباد)، دووبارە دەگەڕێتەوە وڵاتی ئێراق و مەلا مستەفای برایشی ڕوودەکاتە یەکێتیی سۆڤیێت، تا ئەو کاتەی لە شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) بەدواوە، دەگەڕێتەوە ناوچەی بارزان و لێرە بەدواوە بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاند، تا ئەو کاتەی لە ڕێکەوتی (١١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩)دا، لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: مەسەلەی کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا ١٩٦٠- ١٩٦٥، ڕەزاوان حەسەن لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی، پێداچوونەوەی: دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ، (سلێمانی: ٢٠١٦)، ل٤٩٣، میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەددین، چ٢، (هەولێر: ٢٠٠٩)، ل٤١- ٤٢.

٤- عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، (دهوك: ٢٠٠٢)، ص١٣١.

٥- عبدالفتاح علي البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦- ١٩٥٨، (اربيل: ٢٠٠٣)، ص٣٢٥.

٦- عەبدولئیلای وەسی: لە (٢٤ تشرینی دووەمی ١٩١٣)دا، لە شاری تائیفی وڵاتی حیجاز هاتووەتە دنیاوە و دەبێتە کوڕی شەریف عەلی کوڕی شەریف حسێنی مەککە، لەگەڵ باوکیدا سەردانی شاری بەغدای کردووە و سەرەتاکانی خوێندنی لە شاری (قودس)ـەوە دەست پێ کردووە، دواتریش کۆلێژی ڤکتۆریای لە شاری ئەسکەندەرییە (١٩٢٩- ١٩٣٢)ی وڵاتی میسر تەواوکردووە، دواتر گەڕاوەتەوە شاری بەغدا و بۆ ماوەیەکی کورتیش (١٩٣٦- ١٩٣٧) لە ڕێپێدراویی ئێراقی (المفوضية العراقية) لە بەرلین کاری کردووە و لە دەرئەنجامی مردنی مەلیک غازی، ویسایەتی ئێراقی پاشایەتی گرتووەتە ئەستۆ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە (٤ نیسانی ١٩٣٩) فەیسەڵی دووەم بە مەلیکی ئێراق دەستنیشان کراوە، بە جۆرێک عەبدولئیلا لەم پۆستەیدا ماوەتەوە تا ئەو کاتەی فەیسەڵی دووەم تەمەنی گەیشتووەتە هەژدە ساڵی تەواو و لە (٢ ئایاری ١٩٥٣)ـەوە، کاروباری وڵاتی وەک مەلیکی ئێراق گرتووەتە ئەستۆ، هاوکات میر عەبدولئیلاش تا ڕۆژی کوژرانی لە دەرئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشی (١٤ تەمووزی ١٩٥٨)دا، وەک جێنشینی مەلیک (وليا للعهد) ماوەتەوە. بڕوانە: محمد عصفور سلمان، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤- ١٩٦٨، ص١٦٥.

٧- کیناهان کۆرنوالیس: هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستمی پاشایەتیدا لە ئێراق و لە ساڵی (١٩٢١)دا، کۆرنوالیس وەک ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ کاری کردووە تا ساڵی (١٩٣٥) و تا ئەو کاتەی لەلایەن ڕەشید عالی گەیلانییەوە لە وەزارەتی دووەمینی یاسین هاشمی (١٧ی مارتی ١٩٣٥- ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦)دا، لە پۆستەکەی وەک ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ دوور خراوەتەوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٤١) بەدواوە وەک باڵوێزی بەریتانیا دووبارە گەڕاوەتەوە ئێراق و تا ساڵی (١٩٤٥) لەم پۆستەیدا ماوەتەوە.ينظر للمزيد: عدى محسن غافل الهاشمي، كينهان كورنواليس ودوره السياسي في العراق حتى عام ١٩٤٥، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية التربية ابن رشد، (جامعة بغداد: ٢٠٠٢)، ص٦، السيد عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج١٠، ص٢٨٢.

٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ عاسی کوڕی شێخ وەهابی کوڕی شێخ حەمیدی کوڕی شێخ عەزیزی تاڵەبانی، لە دایک بووی ساڵی (١٩٣٢- ٢٨/١١/٢٠١٤) لە ناوچەی (بنکورە)ی سەر بەشاری خانەقین، بەڵام خۆی دەڵێت: لە شوناسنامەی باری شارستانی (الاحوال المدنية)ـەکەمدا، بە هەڵە نووسراوە ساڵی (١٩٣٦)، کەلار، شەوی پێنج شەمە، (٩/١٩/ ٢٠١٣).

٩- ئەحمەد باوەڕ، دۆزی کورد لە پێوەندییەکان ئێراق- ئێراندا ١٩٣٧- ١٩٤٧، سەنتەری

لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، (سلێمانی: ٢٠١٠)، ل١٦١، ڕاپەڕینەکانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی فەرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١- ١٩٤٩، وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، ب١، (هەولێر: ٢٠١٠)، ل٩٨، عەلائەددین سەجادی، مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چ٢، (شاری کورد: ١٩٩٦)، ل١٢٠، فاضل البراک، مصطفى البرزاني الاسطورة والحقيقة، (بغداد: ١٩٨٩)، ص١١٢- ١١٣.

١٠- عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان، ص١٦٠.

١١- بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٣)، ساڵی (٥)، مارتی ١٩٤٤، ل٥٦.

١٢- گۆڤاری گەلاوێژ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

١٣- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، ط٧، دارالشؤون الثقافية العامة، (بغداد: ١٩٨٨)، ص٢٠٤، مسعود البارزاني، الحركة التحررية الكردية ١٩٤٣- ١٩٤٥، (كردستان: ١٩٨٦)، ص٤٧.

١٤- عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، نادى الارتقاء الكوردي وموقف الحكومات العراقية من نشاطاته، دهوك (مجلة) العدد (٢٦)، نيسان ٢٠٠٥، ص١٠٣، عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق، ص١٦١.

١٥- واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکوومەتەکانی ئێراق ١٩٢١- ١٩٦٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، (سلێمانی: ٢٠٠٦)، ل٦٤.

١٦- مەلا محەمەدی قزڵجەیی: ساڵی (١٨٩٥)دا، لە (مەهاباد) دایک بووە، هەر لە شاری مەهاباد باوکی مامۆستای مزگەوت بووە، دایکی ناوی ڕازیەی عیسا زادەیە و بەڕەسەن خەڵکی ناوچەی موکریان بووە، نازناوی قزڵجەیش دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (قزڵجە)ی نزیک بە شاری پێنجوێنی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان، لە قۆناغی لاویدا هاوکارێکی سەرەکی شۆڕشەکەی سمکۆی شکاک بووە، لە هەمان کاتیشدا لەساڵی (١٩٢٢)دا سەرنووسەر و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (کورد)ی زمانحاڵی شۆڕشەکەی بووە، پلەکانی خوێندنی لە ناوەندی بنەماڵەکەی خۆیانەوە دەست پێ کردووە و بۆ خوێندن زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە، ماوەیەک هەر بە مەبەستی خوێندن چووەتە وڵاتی میسر و لە زانکۆی (ئەزهەر) درێژەی بە خوێندن داوە. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێراق لە شاری بەغدا نیشتەجێ بووە، لێرە بەدواوە بە زۆری سەرگەرمی تەدریس و وانەوتنەوەبووە، سەرەڕای دانانی کتێب، گەلێک نووسین و بابەتی هەمەجۆری لە گۆڤار و ڕۆژنامە بەرچاوەکانی ئەو کاتەی ئێراق و دەرەوەدا بڵاو کردووەتەوە، هەروەها بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی شیعری نووسیوە، ماوەیەکیش لە کۆلێژی شەریعەی شاری بەغدا دەرسی وتووەتەوە، سەرەڕای ئەوەش لە هەردوو مزگەوتی حوسێن پاشا و شبلی پێش نوێژی کردووە و لە ئێزگەی کوردی بەغداشەوە گەلێک وتاری ئایینی و کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵانی خەڵک خوێندووەتەوەو ئامادە کردووە. بەپێی یادداشتە دەستنووسەکانی مەلا عارفی مەلا یەحیای ئەردەڵانی خانەقینی کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی بووە لە ڕێکەوتی (١٤ی ئەیلولی ١٩٥٩)دا، لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (خەیزەران) لە ناوچەی ئەعزەمییە نێژراوە: بڕوانە: عومەر عەبدولعەزیز، مەلا محەمەدی قزڵجەیی زانا و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس ١٨٩٥- ١٩٥٩، (سلێمانی: ٢٠١٥)، ل٢٥- ٧٤، عبدالكريم محمد المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، عنى بنشره: محمد علي القرداغي، (بغداد: ١٩٨٣)، ص٥٢٢- ٥٢٣، کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، (بەغدا: ١٩٧٨)، ل٧٩، بابا مردوخ روحاني، تاريخ مشاهير كرد، (تهران: ١٣٨٢)، ل٣٩٢- ٣٩٣.

١٧- یادگاری یانەی سەرکەوتن، ل٨١، جمال بابان، اعلام الكرد، ج١، ط٢، (اربيل: ٢٠١٢)، ص٥٠٩.

١٨- مستەفا نەریمان: لە ساڵی (١٩٢٥)دا، لە شاری کفری هاتووەتە دنیاوە، بە ڕەسەن لە بنەماڵەی (پیر خدری شاهۆ)ن، پلەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە شاری کفری و کەرکوک تەواوکردووە، پاشان خانەی مامۆستایانی لە شاری بەغدا تەواوکردووە و لە گەلێک شوێنی وەک: کەلار، بانسنوق،

کفری، کەرکووک و بەغدا مامۆستایی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی چەندان کتێب و نووسین لە بواری جۆر بەجۆردا، هاوکات ماوەیەکیش ئەندامی حزبی هیوا (١٩٣٩- ١٩٤٥) بووە، خاوەنی دانانی یەکەمین ڕۆژمێری کوردییە، دوای خانەنشین بوونی ماوەیەکی زۆر لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کاری کردووە و لە ڕێکەوتی (٢٧/٥/١٩٩٥)دا، لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (محەمەد سەکران)ی ڕێگای (بەعقوبة- بەغدا) نێژراوە و لە دوای خۆی کۆمەڵێک بەرهەمی لە بوارەکانی: ئەدەب، مێژوو، بیبلۆگرافیا و ڕۆژنامەوانیدا بڵاوکراوەتەوە بڕوانە: جمال بابان، اعلام کرد العراق، (السلیمانیة: ٢٠٠٦)، ص٨٠٤- ٨٠٥.

١٩- عەبدولڕەحمان نووری جان: عەبدولڕەحمان محەمەد ئەحمەد، کە بە (نووری جان) ناسراو بووە، لە ڕێکەوتی (١ی تەمموزی ١٩١٠)دا، لە گەڕەکی (قەڵا)ی شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە و کاکە حەمەی باوکیشی بە زۆری بە کاروباری (چەخماخسازی)یەوە خەریک بووە، لە تەمەنی (٦) شەش ساڵییەوە کە باوکی کۆچی دوایی دەکات، بە زۆری پەروەردە کردن و پێگەیاندنی ئەم و هەر یەک لە (سدیق)ی برای و خوشکەکانی: (ئامینە، حەلیمە و حەبیبە) دەکەوێتە ئەستۆی زەهوە مەلا سەعیدی دایکیانەوە و لە شاری (کۆیە) قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات و دواتریش بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن ڕوو دەکاتە شاری بەغدا و تا ئەو کاتەی لەساڵی (١٩٢٥- ١٩٢٦)دا، خانەی مامۆستایانی باڵا (دار المعلمین العالیة) تەواو دەکات و لە شارەکانی کۆیە، ئامێدی، بەغدا و شاری سلێمانی مامۆستایەتی کردووە، جگە لەوەش لە ڕووی خەت خۆشییەوە وەک یەکێک لە خەت خۆشەکانی سەردەمی خۆی ناسراوە، تەنانەت لێرەش بە دواوە بە یەکجاری لە شاری بەغدا دەگیرسێتەوە و هاوکات بە هۆی هەڵوێستی نیشتمانییەوە بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە وەزیفە دوور دەخرێتەوە، لە ڕووی زیرەکی و لێهاتووییەوە مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی وەک: خوێندکارێکی زیرەک و لێهاتوو باسی لێوە کردووە بەوەی هەموو ڕۆژانی (پێنج شەمووان) لە گۆڕەپانی قوتابخانە و لە نێو ڕیز و ئاپۆرەی خوێندکاراندا چەپڵەی ئافەرینی بۆ لێ دراوە، بە جۆرێک هەر ئەم لێهاتوویی و توانایییەی بووە کە ببێتە مایەی ئەوەی لە داهاتوودا کۆلێژەکانی: ئادابی بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی یاسای بەغدا، هەروەها بڕوانامەی دبلۆم لە یاسای گشتی و شەریعەی ئیسلامیدا بەدەست بهێنێت و دواتریش بە مەبەستی درێژەدانی خوێندنی باڵا ڕووی لە وڵاتی فەڕەنسا کردووە و بڕوانامەی (ماستەر)ی لە بواری یاسادا لە زانکۆی سۆربۆن بەدەست هێناوە، پاش گەڕانەوەی لە ساڵانی (١٩٦٤- ١٩٦٥) لە زانکۆی قاهیرەی وڵاتی میسر بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری یاسادا بەدەست هێناوە و ناوونیشانی تێزەکەی: (القضاء الاداري في العراق حاضره ومستقبله- دراسة مقارنة- جامعة القاهرة: ١٩٦٥)، بەجۆرێک ئەم هەموو بایەخەی بە خوێندن و زانست و گەڕان وای لێ کردووە، کە شارەزایییەکی بەرچاوی لە زمانەکانی: عەرەبی، فەڕەنسی، ئینگلیزی، فارسی و تورکیدا هەبووە، لێرەش بەدواوە بەیەکجاری لە شاری بەغدا دەگیرسێتەوە و هاوکات بەهۆی هەڵوێستی نیشتمانییەوە بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ تەواو لەوەزیفە دوور دەخرێتەوە، بەوەی کە لایەنگیری بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی (مایسی ١٩٤١) بووە، جگە لەوەش بۆ ماوەیەک، لە چلەکانی سەدەی بیستەمی ڕابوردوودا، بە سکرتێری دەستەی بەڕێوەبردنی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) هەڵبژێرراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکارێکی بەردەوامی خەڵکانی هەژار، بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی کورد بووە، کە لە شاری بەغدا درێژەیان بە خوێندن داوە، وێڕای هەموو ئەوانەش وەک نووسەرێک کۆمەڵێک بابەت و نووسینی جۆربەجۆری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی بەغدادا بڵاوکردووەتەوە و لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا خانەنشین دەکرێت و بە زۆری بە کاروباری پارێزەرییەوە خەریک دەبێت، تا ئەو کاتەی لە ڕێکەوتی (٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦) کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (کەکۆن)ی شاری کۆیە نێژراوە و لە دوای خۆی کۆمەڵێک نووسین و بەرهەمی جۆربەجۆری بە زمانی کوردی و عەرەبی لە دوو بەجێ ماوە لەوانە: فرسان مربوان الاثنا عشر، المساجد الاسلامیة، ابن رشد وفلسفته، الکندي وفلسفته، شرح قانون الاصلاح الزراعي، بەڵام دەستنووسەکانی بە زۆری ئەمانەن:

مێژووی کۆیە، کوردستانی بادینان، وضع الشعب الکردي في القانون الدولي، حقوق الشعب الکردي في الدستور العراقي. بڕوانە: تاهیر ئەحمەد حەویزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بە یارمەتی ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ئۆتۆنۆمی کوردستان چاپ کراوە، چاپخانەی نمیر، (بەغدا: ١٩٨٤)، ل١٩٠، دەستنووسێکی حاکم کرمانج عەبدولڕەحمان نورجان، کە خۆی بە سوپاسەوە بۆی ناردووین. (کۆیە، ٨ی شوباتی ٢٠١٧).

٢٠- مستەفا نەریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم، س.پ، ل٦٧.

٢١- مەسعوود محەمەد: ساڵی (١٩١٩) لە شارۆچکەی کۆیە و لە بنەماڵەیەکی ئاینیی هاتووەتە دنیاوە، پلەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لە کۆیە و شاری هەولێر تەواوکردووە، پاشان ساڵی خوێندنی (١٩٤٠- ١٩٤١)دا، قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە و لە کۆلێژی (حقوق)ی شاری بەغدا وەرگیراوە، دوای ئەم قۆناغەش ماوەیەک بە کاروباری پارێزەرییەوە خەریک بووە، هەروەها لە خولەکانی سیازدە (٢٤ی کانوونی دووەم ١٩٥٣- ٢٨ی نیسانی ١٩٥٤)، چواردە (٩ی حوزەیرانی ١٩٥٤- ٣ی ئابی ١٩٥٤)ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەردەمی پاشایەتیدا، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق بووە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتیداو چەند جارێک پلەی وەزیری پێ سپێرراوە، سەرەڕای ئەوەش ئەندامێکی کارای (کۆڕی زانیاری کورد) و خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەم و دانراوی ناوازەیە لە بوارەکانی فیکر و زمان و فەلسەفە و ئەدەب و لێکۆڵینەوەی هەمەلایەندا، بۆ دواساتیش لە ڕێکەوتی (١ی نیسانی ٢٠٠٢) داو پاش نەخۆشییەکی درێژخایەن، لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لەشاری کۆیە نێژراوە: بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاریخ الوزارات العراقیة، ج١٠، ص٣٠٩- ٣١١، راهي مزهر العامري، مسعود محمد ودوره السیاسي في العراق ١٩١٩- ١٩٦٨، دراسة تاریخیة، مراجعة و تقدیم: الدکتور کمال مظهر احمد، (بغداد: ٢٠٠٨)، ص١٧ و مابعدها.

٢٢- مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، (ستۆکهۆڵم: ١٩٩٢)، ل٢٨٠.

٢٣- مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، س. پ، ل٢٨١.

٢٤- کاکە حەمەی خانەقا: دەبێتە کوڕی سەید ئەحمەدی خانەقای کوڕی شێخ حسێنی کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردار، لە ساڵی (١٩١٨)دا لە گەڕەکی خانەقای شاری کەرکووک لەدایک بووە و دایکی ناوی (فاتمە خانی کچی شێخ ڕەزای عەسکەر)ـە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری کەرکووک و کۆلێژی (حقوق)ی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، ماوەیەک سکرتێری کۆمەڵەی (دارکەر) بووە و لە ساڵی (١٩٣٩) بەدواوە پێوەندی بە ڕیزەکانی حزبی (هیوا)وە کردووە و ماوەیەکیش لە (ڕزگاری)دا کاری کردووە، لە ساڵی (١٩٤٧)ـەوە، پێوەندی بە (پارتی دیموکراتی کورد)ـەوە کردووە، هەروەها لە خولی شازدە و کۆتایی (١٤ شوباتی ١٩٥٨- ١٤ تەمموزی ١٩٥٨) لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی سەردەمی پاشایەتیدا نوێنەری کەرکووک بووە، هاوکات پارێزەرێکی کارامە بووە و لە (١٨ی تەمووزی ١٩٦٣)دا کاتێک نێوندگیری نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی ئێراقی کردووە، بەپێی پیلانێکی فەرمانڕەوایانی بەعسی ئێراق لە ڕێگای فڕۆکەوە لە نزیک ڕێدار (شوان)ی شاری کەرکووک تیرۆر دەکرێت و لە خانەقای کەرکووک نێژراوە. بڕوانە: سیروان سەرگەڵوبی، خانەقای سید ئەحمەد لە ئامێزی مێژوودا، بنەماڵەی سەردار ١٦٢٥- ١٩٩٣، بەرگی یەکەم، (کەرکووک: ٢٠١٥)، ل١٧٢- ١٧٥، عبدالرزاق الحسني، تاریخ الوزارات العراقیة، ج١٠، ط٧، ص٣١٥.

٢٥- غەفور میرزا کەریم، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کۆچی شاسواری جووڵانەوەی ڕۆشنبیری کورد مامۆستا عەلائەددین سجادی دا، لە: یادی سجادی، کۆکردنەوەی: دلێر عەلائەددین سجادی، چاپخانەی ئیشبیلیە، (بەغدا: ١٩٨٧)، ل١٦٥، مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، ل٢٨١.

٢٦- مەسعوود محەمەد، س.پ، ل٢٨٢.

٢٧- ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی و ڕووناکبیریی مەعرووف جیاووک ١٨٨٥- ١٩٥٨، ئەکادیمیای کوردی، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل٢٩٧- ٢٩٨.